ئینسکلۆپیدیای میژوونامە

لە 1901/1/1 تا 1950/12/31

عەلی کەندی

بەرگی دووەم - چاپی دووەم
بژارکراو و پێترکراو
باشووری کوردستان - هەولێر
2709 - 2009

24311

گەنجینەیەکی پڕ لە میژووی ڕووداوی کۆمەڵگاکانی جیهان لەهەموو بوارەکان لەماوەی بیست سەدە دا

Preview sample - page 1 of 5 - Soran University Academic Digital Library



وەزارەتی پۆشنبیری و لاوان

بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ڕۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوکردنەوە

ناوی کتێب: ئینسکلۆپیدیای میژوونامە

نووسینی: عەلی کەندی

دیزاینی بەرگ: دانەری میژوونامەکە – عەلی کەندی

کۆمپیوتەر: نووسینگەی هیوا بۆ کۆمپیوتەر

بەرگ: بەرگی دووەم ٢٠٠٩

چاپ: چاپی دووەم ٢٠٠٩

چاپخانە: چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان - هەولێر

تیراژ: ١٥٠٠ دانە

نرخ: بۆ هەرچوار بەرگ (٢٠٠٠٠) دینارە

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/ ژمارەی سپاردنی(٢٢٥٥) ساڵی (٢٠٠٩)ی پێدراوە.

بۆ هەر ڕەخنەیەک یان پێشنیارێک یان هەر زانیارییەک لە هەڵەو بەسەرچوون ئاگادارمان بکەنەوە بە ژمارەی مۆبایـــــل/ ٤٥٤٨٠٩٨ ، یـــــان ژمـــــارەی ئاریـــــافۆنی / ٠٦٦٢٥٣٣٥٢٢- یـــــان ئیمەیڵی:Alikendi@yahoo.com

• مافی چاپکردنی پارێزراوە بۆ وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان و خاوەنی کتێبەکە

• ئەم کتێبەو کتێبەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری لەسەر ئەم سایتە بخوێنەوە

www. Kurdchap. com

Preview sample - page 2 of 5 - Soran University Academic Digital Library

دەسپێك بۆ چاپی دووەم

لە گەڵ پەرەسەندن وپێشکەووتن و گەشەکردن و بووژانەوەی بەردەوام بە پێی تێپەڕبوونی قۆناخە یەك لە دوای یەکەکانی مرۆڤایەتی لە هەموو بوارەکانی رامیاری و نەتەوەیی و نیشتمانی و جووگرافی و زمان و مێژوو وکەلتوورو داب و نەریت و شووێنەوارو شارستانیەت ، و بازرگانی و پیشەسازی وکشتووکاڵ و .....هی دیکە

ئەمەش پێداویستی ژیان بە زانیاری تەواو لەم بوارانەدا هەیە ، لە پێناو هەلسەنگاندن و شێکردنەوەی رووداو بەسەرهاتەکان لە هەموو بوارە جیاجیاکان و گوونجاندنی لەگەڵ ئێستا دا ، ئەویش لە پێناو هێنانە کایەوەی باربێکی لە بارەو گوونجاوتر بۆ خزمەتکردنی مرۆڤایەتی ، بە دابین کردن و سەقامگیرکردن و مسۆگەر کردنی داد پەروەری کۆمەلایەتی و دانان بە مافی مرۆڤ و چارەسەر کردنی کێشە تەشەنە دارەکانی لەو بوارانەی کە لە سەرەوە باسمان کردن ، بە تایبەتی لە بوارەکانی نەتەوەیی ونیشتمانی و زمان و مێژوو و مێژووی جووگرافی و کەلتوور داب ونەریت و شووێنەوارو شارستانیەت وچارەسەر کردنی لە رێگەی دەست لەناو دەستدا و رازی بوون بە بەرامبەرەکە ، کە سەرچاوەی چارەسەری هەموو کێشەکانە ، بە دوورکەوتنەوە لە هەرەشە لێك کردن و پەلاماردانی یەکتری و بە پێچەوانەشەوە لە رێگەی گفتووگۆو دایلۆگ ودانی مافە زەوت کراوەکان لەلایەن دەسەلاتداران .

جا من نامەوێ بە درێژی بچمە ناو باسەکەم ، بەلکوو پێشەکیەکەی چاپی یەکەم وبەرگی یەکەمی مێژوونامەکە ، ئامازەم بە هەموو لایەنەکان کردووە بە شێوەیەکی لە بار لە بوارەکانی پەرەسەندن و پێشکەووتن ، بە پێی تێپەربوونی قۆناخەکان .

وادیارە مێژوونامەکە جێگای خۆی کردۆتەوە لە دەرونی خووێندەواران وسەراکەوتنی بە پلەی ٨٥ ٪ ی بە دەست هێناوە . بەڵگەش بۆ ئەمە بەرگی یەکەمی مێژوونامەکە بە تیراژی ٤٥٠٠ دانەی لەلایەن وەزارەتی پەروەردەی حکوومەتی هەرێم لە باشووری

Preview sample - page 3 of 5 - Soran University Academic Digital Library

کوردستان کراوەتەوە و بۆتە سەرچاوەیەکی سوود لێوەرگرتن وەک سەرچاوەیەک . کە بووە هۆی ئەوەی کە داواکاری زۆری لە سەر بێت .

جا منیش بەو پەری دڵخۆشیەوە مێژوونامەکەم ، لە چوار بەرگدا دەخەمە بەردەستتان بە شێوەیەکی تێرو تەسەل لە هەموو بوارەجیاجیاکان . بە ناوێکی دیکە کە – ئینسکلۆپیدیای مێژوونامە – یە وەک بوارەکانی رامیاری و نەتەوەیی و نیشتمانی و جووگرافی و زمان و کەلتوورو مێژوو شووێنەوارو ئابووری و بازرگانی وکۆمەلایەتی و رۆشەنبیری و زانست و ئەدەب و گەردوون و یاساو شەرو ئاشتی و بە بەڵگە نامەکان . ئافرەت و رووداوەکانی تیرۆرستەکان و فرۆکەو پزیشک و .... ئەوەی بتەوێ لە بەر دەستت دایە لە ناوەرۆکی مێژوونامەکەدا .

کە بەرگی یەکەم لە ١/١/ ٠٠٠١ دەست پێدەکات تا ٣١ / ١٢/ ١٩٠٠ ، هەروا بەرگی دووەم لە ١٩٠١/١/١ دەست پێدەکات تا ١٩٥١/١٢/١٣ ، بەرگی سێیەم لە ١٩٥١/١/١ دەست پێدەکات تا ٢٠٠٠/١٢/٣١ ، هەروا بەرگی چوارەم لە ٢٠٠١/١/١ دەست پێدەکات تا ٢٠٠٧/١٠/٣١ .

لە هەمان کات بە پێی پێویست وێنەکانیشی لەگەڵ دانراوە لەگەڵ نەخشە جیاجیاکان بە پێی رووداوو بەسەرهات و ئەنجام دانی بەرۆژو مانگ و ساڵ . بەڵام بۆ ئەوەی وێنەو نەخشەکان دووبارە نەبنەوە دەتوانرێت لە جێگەی دیکە سەیری بکەیت لە ناوەرۆکی ئینسکلۆپیدیای مێژوونامەکەدا ، لە هەمان کات نەم ویستووە وێنەکان دووبارە ببنەوە . وەک بەڵگەیەکی راست و دروست و ڕێک و پێک .

لە کۆتایی هیوادارم خزمەتێکی بچووکی کتێنخانەی کوردی و خووێنەری کوردم کردبێت لە کوردستان و وڵاتانی دراوسێی کوردستان و هەرێم و ناوچەو جیهان .

عەلی کەندی

دانەری ئینسکلۆپیدای مێژوونامە

٢٠٠٩ / ١ / ٣١

Preview sample - page 4 of 5 - Soran University Academic Digital Library

بەرەو چەندین ئینسکلۆپیدیا
کە هەموو لایەنەکانی ژیان بگرێتەوە

پارێزەر/ تارق جامباز

ئەم خەمخۆریە تاقە کەسییە کە لایەن ماموستا عەلی کەندی ئەنجامدراوە شایانی سوپاس و پێزانینە ، چونکە پشوویەکی فراوان و ماوەیەکی زۆرو ئارامیەکی ئەیووبیانەی گەرەکە ، لە بەر ئەوەی ئەم ئینسکلۆپیدیایە چەندین ئینسکلۆپیدیا لە خۆدەگرێ .

لە وولاتاندا بۆ هەر بوارێک لەم بوارانەدا دەزگایەک بە کۆمەڵێ پسپۆڕو شارەزاو لێزان بەماوەیەکی دیاریکراو بەمەرجێ هەموو کاتێکیان بۆ جۆرێک لەجۆرەکانی ئینسکلۆپیدیا تەرخان دەکەن وەک - ئینسکلۆپیدیای زمان ، فۆلکلۆر ، سیاسەتمەداران ، شاعیران ، رۆژنامەنووسان ، ...هتد

ئەم ئینسکلۆپیدیانە لە کتێبخانەکانە و لەسەر تۆڕی مالپەڕەکان هەن و هەروەختێ یەکێک ویستی لە چ بوارێک پێویستی پێی هەبێ ئەوا بە ئاسانی دەتوانێ سوودی لێ وەربگرێ ، بەڵام بەداخەوە لایەنی پەیوەندار لە کوردستان چ حکوومەت و دەزگاکانی تایبەتمەند نەمزانیووە پلانێکیان بۆ ئەم بوارانە هەبێ کە بەشێوەیەکی بابەتی و زانستی زانیارییەکان لەلایەن خەمخۆرانەوە بەووردی و قوولی بنووسرێنەوەو پێداچوونەوەیان بۆ بکرێ .

ئینجا چاپ و بلاوبکرێنەوەو جارێ خەرمان بەرەکەتی زمانی کوردی بەهەموو شێووە زارەکانی کۆنەکراونەتەوەو تاکو لەبەردەست دابێ ، ئەوجا دەزانین چ زمانێکی زەنگین و رەنگینمان هەیە .

Preview sample - page 5 of 5 - Soran University Academic Digital Library